**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی برگەی(١)ی ماددەی (١٠)ی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق) ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو و،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە(٧) لە رۆژی(٢٠١٠/١٠/٢٦) بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**بڕیاری ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٠ی**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**یەکەم:** جەژنی سەری ساڵی ئێزدی کە یەکەم چوارشەممە لە مانگی نیسانە بە گوێرەی ساڵنامەی رۆژهەڵات، بە پشووی فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان ـ عیراق دادەندرێت.

**دووەم:** ئەو جەژنانەی دادێن بە جەژنی فەرمی بۆ ئێزدییەکان لە هەرێمدا دادەندرێن:

١ـ جەژنی جەمایێ لە ٧ی مانگی تشرینی یەکەمی زایینیەوە تاکو سێزدە(١٣)ی لە هەموو ساڵێکدا.

٢ـ جەژنی چلەی هاوین لە ٣١ی سی ویەکی مانگی تەمووزەوە تا ٢ی مانگی ئابی زایینی لە هەموو ساڵێکدا.

٣ـ جەژنی رۆژووی ئێزدییەکان کە رێکەوتی یەکەمین رۆژی هەینییە لە مانگی کانوونی یەکەم بە ساڵنامەی رۆژهەڵات.

**سێیەم:** دەبێ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنانی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**چوارەم:** ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عیراق**

**هەولێر**

**٧/ تشرین دووەم/ ٢٧٠٩ی زایینی**

**١٦/گەلاڕێزان/ ٢٧١٠ی کوردی**

**١/ذوالحجة/١٤٣١ی کۆچی**